# سێیەم وەرزی تەنیایی

ئارام شوانی

بایی ئەم ئێوارەیە هەناسەم بەرێ ئەی مەرگ
ژوانێکم لەگەڵ تەنیایی ئەو شەقامەدا هەیە..
دەمەوێت سکێچی مناڵێکی برسی بکێشم
کە تورەیی (با)ی ئەم بەیانییە
دەستەکانی لێسەندووە
سەری نائومێدیی لەسەر ئەژنۆی وەڕس بوو ..
تەنیا ئەم ئێوارەیەم دەوێ
لێم گەڕێ دواین خەوی پاڵ عەرەبانەیەك ببینم ئەم شەو ..
دیارە پیاسەی دواین ئێوارەی شارمە ..
کە نائومێدی دەستم دەگرێو
دوو ڕکات نوێژی مەرگم پێ ئەدا ئەکات ..
ڕێگەم بدە ئەی مەرگ .. دواین ئێوارەی ژیانمە ..
بافریای نووسینەوەی
وەسێتنامەیەك بۆ نیشتمانو
ئەرشیفی دوایین یادگارییەکانی شارم بکەوم ..
ئەوسا ژیان پیرۆزی تۆ بێت ..
ئیتر وەڕس بووم لە نیگاکردن لەمانگ
ورشە ورشی ئەستێرەکان بێزاری کردووم ..
ئیتر چاوەڕێی کردنەوەی هیچ دەرگایەکیش نیم ..
پەنجەرەی هەموو ئومێدەکانیشم بۆ ئێوە ..
گریانەکانی دایکیشم بۆ مندالە چەتوونەکانی ماڵ جێدەهێڵم ..

دەچمەوە باوەشی ئازیزترین هاوڕێم ..

فاتیحای هیچ کەسیشم پێ ناگات ..

چونکە هەموو تەڵقینەکانتان بۆمن درۆ بوو ..

دەرگای هەمووماڵەکانی شار

غەریبی ڕەنگم دەکەن ..

بەختم لە دوعای هیچ بەیانییەکی نەنکمدا نەماوە ..

نیوەڕۆی هەموو دانیشتنەکانی ماڵی خۆشمان

خاڵییە لەناوی من ..

بایی یەك ئێوارە ژیانم دەوێ‌و

بایی یەك ئێوارە ڕوانین ..

دەئەی مەرگ ڕێگەم بدە

دوایین هەناسەمت دەدەمێ ..

دایکە ..

دوایین گلەیی بێت

یەکەم دێڕی قەسیدەیەکت بۆ نەنووسیم ..

دوایین دێڕیشت دایە دەست فەنابوون ..

کەس نییە تەفسیری دواین بێدەنگیتم بۆ بکات

ئیتر گوێ لەدوایین گریانەکانیش ناگرم ..

چونکە نازانم دواین لایلایەت بۆ کێ دەبێت

دواین فرمێسکی منیش کەس ئەدرەسی نازانێت ..

مەرگ نەبێت بەکەس ئاشنانیم ..

فڵچەکەی دەستم بایی یەك تابلۆ ڕەنگی پێنەماوە ..

سۆراخی ئەم بێدەنگییەم لەپای چی ..؟

ڕەنگی وەریوی هەموو گەڵاکان لەچاوم دایە ..

سەرمای هەموو شەوە درێژەکانی ساڵ دەستی تەزواندووم ..

تەنها گوڵێکی ئەم بەهارە نەبوو

بۆنی ژیانی تێدابێت ..

گەرمی هەموو نیوەڕۆکانی سالٚ ڕەنگیان بردووم ..

غەریبترم لەو باڵندەیەی

لە بیٚ لانەییدا ئێواران

بۆ دورترین چۆڵەوانی باڵەکانی لێکدەدات ..

دە ڕێگەم بدەن

دوایین سەفەرو دوایین ماڵئاواییمە ئەم ئێوارەیە ..

ئیتر بەخیلی بەبەرائەتی منالێك نابەم

کە بێدەنگی هەموو ڕۆژێك کۆلارەکەی لێووندەکات ..

ئیتر گویٚ بۆ نزا گریاوەکانی باوکیشم ناگرم ..

تەسبیحاتەکانی منالیشم لێرە جیٚ ناهێلم ..

سەفەرەو بەرەو ولاٚتی مەرگ دەڕۆم ..

زەمەن هاوکێشەیەکی چەند ئالۆزە

بەمن حەل ناکرێت هاوڕیٚ ..

ئەدرەسەکەم ڕێگەیەکی دوورە بەرەو گۆڕستان

ئەگەر جورئەتی پرسیارێك هەیە ..

دوایین فرمێسکمەو هەلدەوەرێت ..

دوایین وەسێتمەو جێتان دەهێلم ..

دوایین تەماشامەو کەس نابینم ..

کات زەمەنی شەوە

شار لەخەوێکی قولدایە ..

ئازیزترین هاوڕێی دەرواو کەس پێی نازانیٚ ..

هەموو بایەقوشەکانی ئەم ولاٚتە نەیانتوانی

بە سرودێکی شووم نەفخی دۆڕانم بۆ لێبدەن

ئێستا تەنیایی دەمبات بۆ مالٚی مردن

دوایین ئێوارەمەو دەڕۆم ..

گریانەکانتان بەرنەوە بۆ هەڕاج خانەی نیشتمان

من کڕیاری سەبەتەیەك مەرگم

ئیتر تەفسیری هیچ خەونێکم پێ ناکرێت ..

تیشکی خۆری هیچ بەیانییەك نامترسێنێت

بۆ ئاوابوونی هیچ غروبێکیش ناگرییەم

دواین ئیوارەو دواین پیاسەی تەنیاییمە ..

ئەم بەیانییەش شومترین وەرزی گەڵایەکە

کە ئیتر کەس نییە بۆمەرگی بگرێت

دواین فرمێسکم لە سەر دەستی ئەو جێدەهێڵم ..

دواین نیگام لە تابلۆیەکی بێدەنگ دەچێت ..

کە ڕەنگەکانی لە تورەیی باوکمو گریانەکانی دایکم جێمابن ..

دواین وەسێتم شوێن پێیەکمەو لەسەر سینگی شەقامێکدا بەجێی دێڵم ..

هەناسەکانیشم دەدەم بەو منداڵەی بایی نیوەڕۆیەك ئومێدی پێنەماوە

تافریای گێڕانەوەی مژدانەیەك بکەوێت بۆدایکی ..

من بەهیوای تیشکی فانۆسێك بووم تا

ئێوارەیەك بۆ دۆزینەوەی خشڵەکانی بەدبەختیم دایگیرسێنم ..

ئەسەف  لە دواین قەدەری بێزار یوونیدا

بە ئیملایەکی سەقەت بۆی نووسی بووم:

"ببورە من چەند بەخشندەبم ڕەشەبا نایەڵێ ڕوناکیمت بەمێ"..

2006/4/13